# رۆژێک بۆ نەهێشتنی پێشێلکارییەکانی مافی کچان



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**سوقرات دەڵێت: «ئەگەر پیاوێک رۆشنبیر بێت، ئەوا تاکێک رۆشنبیر دەبێت، بەڵام ئەگەر ئافرەتێک رۆشنبیر بێت، ئەوا خێزانێک و کۆمەڵگەیەک رۆشنبیر دەبن.» بە مەبەستی تیشک خستنەسەر کێشەکانی کچان و دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو و نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم پراکتیزەکردنی مافەکانیان و دابینکردنی ژیانێکی باشتر و نەهێشتنی جیاکاری رەگەزی، لە رێکەوتی ٢٠١١/١٠/١٩ نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە ٧٠/٦٦ بڕیاری دا ئەو رۆژە بە رۆژی کچ لە جیهان بناسرێت، بۆ یەکەمجاریش نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٢/١٠/١١ یادی رۆژی جیهانی کچانی کردەوە، تەنانەت ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن بان کیمۆنی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا بە ساڵی کچان و لەلایەن کۆمەڵێ وڵات واژووی لەسەر کرا و پەسند کرا، گرنگترین هەوڵەکانیش بۆ برەودان بە خوێندنی کچان و وەبەرهێنان لە کچان و هاوکات رێگریکردن لە دیاردەی زوو بە شوودانی کچان بوو. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان دید و بۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.**



**د.ڤیان سلێمان :**
**هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردە لەسەر بنەمای جێندەر، سەرەتاش لە خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت**

لە دەستپێکی راپۆرتەکەدا د.ڤیان سلێمان سکرتێری گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەڵێت :» دیاریکردنی رۆژێك وەك رۆژی جیهانی کچان لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەو راستیە دەسەلمێنێت، کە پێشێلکردنی مافی کچان دیاردەیەکی جیهانیەو لە زۆر لە کۆمەڵگەکاندا کچان دووچاری جیاکاری و توندوتیژی دەبنەوە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردە لەسەر بنەمای جێندەر، سەرەتاش لە خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە زۆر جار لە یەکەم ساتی لە دایکبوونی منداڵی کچ و منداڵی کوڕ دەست پێدەکات، خێزان هاتنە دنیای منداڵی کوریان لا خۆشتر و پەسەندترە وەك لە منداڵی کچ، ئەمەش لەبەرئەوەی کە لە هەست و نەستی خێزانەکەدا ئەوە چاندراوە، کە رەنگە لە پاشەرۆژدا کچەکە کێشەیان بۆ دروست بکات و لە نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان لابدات و بە ئەقڵی خۆیان عەیبەیان بۆ بهێنێت، لە یەکەم ساتەوە کۆمەڵێك دەستەواژەی وەك نەکەی، نەچی، عەیبەو تۆ کچی بە گوێیدا دەئاخنرێ، هەندێك بواریان بۆ یاساغ دەکرێ، رێگری لە بەهرەکانیان دەکرێ وەك هونەر و وەرزش، ئەمانە رێژەین و گشتگیرنین، بەڵام دەتوانین بڵێین بونیان هەیە و بە رێژەیەکی زۆریش . ئەم رێگریانە وا دەکەن، کە کچان هاوئاست لەگەڵ کوران لە هەموو بوارەکاندا بەشداریان نەبێت و رۆڵی هاوتایان نەبێت، ئەمەش لاسەنگی درووست دەکات و زیانی زۆر بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت، چونکە کچان خاوەن وزەیەکی زۆرن و پێویستە وەبەرهێنان لەو وزەو توانایە بکرێت و بە شێوەیەکی ئەرێنی ئاراستە بکرێت، کچان مافی خوێندن و چاودێری و پاراستن و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانیان هەیەو، دەبێت لەوپەری ئارامی و ئاسایشدا بە شێوەیەك پەروەردە بکرێن.»

هاوڕاز شێخ ئەحمەد راوێژکاری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆکاروباری خوشکان، باسی ئەوە دەکات کە پێش ئەرکی حکومەت و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ئەرکی پەروەردە و دروستکردنی کەسایەتیی کچان، ئەرکی دایك و باوکە و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «پەروەردەکردن و ئاراستەکردن و دروستبوونی کەسایەتی کچان و متمانە بەخۆبوون و بەهێزبوونیان لەناو کۆمەڵگە سەرچاوەکەی لەوێوە هەڵدەقوڵێت، کاتێ خێزان هۆشیار و پێزانە بە ئەرك و بەرپرسیاریەتیەك کە خودا پێی سپاردووەو کەلتوور و عاداتی ناتەبا لەگەڵ دینی خودا ناکاتە بنەما و ئەساسی بیروبۆچوونی، پەروەردەکردنی وا، تاکێکی تەواو تەندروست و پێگەیشتوو دەهێنێتە ناو کۆمەڵگە، ئەوکات بێگومان کچان کەمتر لەوەی ئێستا کێشە و گرفتیان دەبوو، چونکە بە دیدی من کێشەی سەرەکی کە بۆ کچان دروست دەکرێ، سەرچاوەکەی لەناو خێزانەوەیە و دواتر رەنگدانەوەی دەبێت بۆ نێو کۆمەڵگە، کاتێ ئیسلام جەخت لەسەر عەدالەتی نێوان منداڵەکان دەکات، سەرەتا داوا لە دایك و باب دەکات کە جیاوازی نەکەن لەنێوان منداڵەکانیان. پێغەمبەری سەروەرمان (د.خ) لە فەرموودەیەکی سەحیحدا دەفەرموێت:- ((اتقوا الله، واعدلوا بين أولادكم))، هەروەها دەفەرموێت هەرکەسێ دوو کچی هەبێ و باش پەروەردەیان بکات و باش پێیان بگەیەنێ



**هاوڕاز شێخ ئەحمەد :**
**کێشەی سەرەکی کە بۆ کچان دروست دەکرێ، سەرچاوەکەی لەناو خێزانەوەیە و دواتر رەنگدانەوەی دەبێت بۆ نێو کۆمەڵگە**



**ڕۆژیا محەمەد :**

**کچانی ئێمەش دەبێت داوای دەرفەتی یەکسان بکەن تاکو بتوانن بەهرە و تواناکانیان بخەنەڕوو**



**هۆشمەند ڕەفیق :**

**کچان هەم لە ڕووی ئەقڵی و جەستەییەوە خوێنی تازەیان پێیەو هەمیش هزری نوێ لە مێشکیان چەکەرەدەکات**

دەچێتە بەهەشت، پێغەمبەری سەروەرمان بە ئەندازەیەك ڕێزی لە کچ ناوە، کاتێ کە فاتیمەی کچی هاتۆتە لای لەبەری هەستاوەتەوە، بۆیە پێویستە هەمیشە گرنگی بە خێزان بدرێت و خاڵی دەستپێك بێت لەم بابەتە و ئاستی هۆشیاری خێزان بەرزبکرێتەوە.» گوتیشی: «بێگومان دەوڵەت و حکومەت و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش بێ ئەرك نین لەبەرامبەر ئەوە، ئەگەرچی لەپێشووشدا هەوڵ و کۆشش هەبووەو کاری جددی کراوە، وەلێ ئەرکی حکومەت و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەر لە دەستگرتن بە خێزانەوە دەستپێدەکات تاوەکو بواری خوێندن و فێربوون و پێگەیاندن و بە ئامانجگەیاندن بە هاوتایی بۆ هەردوو ڕەگەز بەبێ جیاکاری، هەر سەبارەت بە حکومەت و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بێگومان گرنگە کۆنفرانس و دیبەت و سیمینار بگرن و بەرنامەڕێژی بکەن بۆ ئەو خزمەتانەی کە دەبێت پێشکەش بە کچان بکرێت. بە نموونە. کێشەی کچانی ئێزیدی یەکێکە لە کێشە هەرە پڕ ئازارەکانی ئەم میللەتە کە دەبێت حکومەت بە جدیتر کاری بۆ بکات و ئاوڕی لێبداتەوە.»

ئابووریناس هۆشمەند ڕەفیق، بەشداری کارای ئەقڵی و جەستەیی ڕەگەزی مێ لە کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکاندا بەرزدەنرخێنێ، بەتایبەت لە کایە ئابوورییەکاندا، گوتیشی: «هیچ کۆمەڵگەیەك پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت، ئەگەر بەشداری ڕاستەقینەی ئافرەتی تێدا نەبێت. ئەگەر ئافرەت لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا پشکداری نەکات ئەوا هەرگیز داهێنان لەو وڵات و کۆمەڵگەیە دروست نابێت، واتا داهێنان لە کۆمەڵگە بەندە بە بەشداری ئەقڵی ئافرەت لە پڕۆسەی هاوبەشی داهێنانکاریدا، ئەگەر لە ڕوانگە ئابوورییەکەوە بڕوانینە ڕۆڵی ئافرەت و ڕەگەزی مێ بەتایبەت کچان کە هەم لە ڕووی ئەقڵی و جەستەییەوە خوێنی تازەیان پێیەو هەمیش هزری نوێ لە مێشکیان چەکەرەدەکات، ئەوا دەتوانن لە هەر بەرهەمێك و کارێك و هاتنە دنیای شتێکی دیکە ڕۆڵی ئەکتیف ببینن، وەك چۆن لە هاتنە دونیای منداڵێك لەگەڵ ڕەگەزی نێردا منداڵێك لە شێوەی فریشتە دەهێننە ئەم جیهانە کە دواجار مرۆڤێکی بەرهەمهێن دروست دەکەن بۆ خزمەتکردن لە هەموو بوارەکانی ژیان، کە ڕەنگە ببێتە سەرکردەیەکی سیاسی، بازرگان و...هتد.» گوتیشی: «دەتوانین بڵێین ئافرەت وەك چۆن لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ئازادیی هەیەو بە ئازادی بیردەکاتەوەو بە ئەقڵێکی ئازادیش هاوبەشی لە پڕۆسەی پێشخستنی کۆمەڵگە دەکات، نەك بە دانانی ڕێژەی کۆتا لە بەشداری پێکردنی لە کایەی سیاسی و کارگێڕیدا، بەوە ئافرەت بچووك دەکرێتەوە، چونکە ئاستی زیرەکیی ئافرەت هیچی لە پیاو کەمتر نییە، بەتایبەت لە کایەی ئابووریدا زۆر زیرەکترو ژیرانەتر مامەڵەکە لەگەڵ دۆخەکە دەکات، واتە پرسی ماڵداری بەشێوە ئابوورییەکەو بیرکردنەوە بۆ گەشەپێدان لە ماڵەوە بیگرە تا دەگاتە وڵات ئاستی دیزاینی بیرکردنەوەی زۆر جوانترو ڕاستگۆییانەتر نەخشەڕێژی دەکات. کە ڕەنگە پلانەکەی لە پیاو دوورمەوداتر بێت، بە دیوێکی دیکەدا دەکرێ بڵێین بەکارهێنانی ئەقڵی و جەستەیی ئافرەت بۆ جیهانبینییەکی تازەترو ئایندەیەکی خۆشگوزەرانی ئابووری ڕاستگۆییانەترو دڵسۆزترەو بەڵێنەکانیشی بەوپەڕی متمانە دەباتەسەر، جا ئەگەر سەیری کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهان بکەین کە لە ڕیزبەندی زلهێزترینی ئابووری جیهاندا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ڕەگەزی مێ هاوشان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بەشدارە لە پڕۆسەی بەرهەمهێنان، بۆ نموونە وڵاتانی وەك چین، ئەمەریکا، یابان، کۆریای باشوور، زۆرێك لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، بەڵام بەپێچەوانەوە وڵاتانی دواکەوتوو کە ئافرەت بەشداری ناکات لە پڕۆسەی بەرهەمهێنان تەنانەت دوای دەرچوونیشیان لە زانکۆکان ڕاستەوخۆ دەبنە کابانی ماڵ و شوودەکەن، وەك کالای خۆشگوزەرانی بەکاردەهێندرێن، یا لە کەرتی گشتیی حکومەت دادەمەزرێن، ڕۆڵیان پێنادرێت، ئەگەر هەشبێت تەنیا بۆ دیکۆرە.»

دوریا زکری چالاکی مەدەنی لە سۆران، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کچ و کوڕ لەهەمان ئاست و پلەدایە کەچی لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەچاوێکی کەمتر سەیردەکرێت، گوایە کچ تەنیا بۆ شووکردن و خزمەتی ماڵ و منداڵە، تەنانەت لە هەندێ کۆمەڵگە کچ زیندەبەچاڵ دەکران، دواتر ئایینی پیرۆزی ئیسلام زیندەبەچاڵکردنی حەرام کرد. گوتیشی: «ئێستاش ئەرکی حکومەت و ڕێکخراوە مافپارێزەکان ئەوەیە کە لە ڕووی ماددی و مەعنەوی پاڵپشت بن بۆ یارمەتیدانی کچان و پاراستنیان لەهەندێ دابونەریت کە ژیانیان وێران دەکات، وەك بەزۆر بەشوودان و ژن بە ژنە و لە هەر هەمووی گرنگتر ڕێگریکردن لەخوێندن لەلایەن خێزانەکەیەوە بە بیانووی جۆراوجۆر، کارەسات ئەوەیە پیاو هەیە هاوسەرەکەی نەخۆش دەکەوێت بەدوای دکتۆرێکی ئافرەتدا دەگەڕێت، بەڵام ڕێگری لە خوێندنی کچ و خوشکی خۆی دەکات. ئەرکی میدیا و ڕێکخراوەکانە کۆمەڵگە وشیار بکەنەوە لە ڕێگەی کۆڕ و سیمینار و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و تەنانەت سەردانی قوتابخانە و دام و دەزگە حکوومییەکانیش بکرێت، هەروەك چۆن ساڵانی ڕابردوو ئافرەتانمان لەشاخ خزمەتی برا پێشمەرگەکانیان کردووە، ئەمڕۆش بەقەڵەم و لەڕێگەی خوێندن خزمەت دەکەن، کە مافێکی سروشتی خۆیانەو پێویستە پیاو چ وەك باوك، یان برا هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ کچ بن و وەکو هاوڕێ ڕەفتاری لەگەڵ بکەن، تاکو بتوانێ سەرکەوتوو بێت و بڕوای بەخۆی بێت و کەسایەتییەکی بەهێز بنیادت بنێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەش ئەرکی کچە کە گرنگی بە بونیادنانی کەسایەتی خۆی بدات و بوێرانە ڕووبەڕووی کێشەوگرفتەکانی ببێتەوە .

چالاکی مافناس باران محەمەد، سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بەوە دەکات کە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبەری وەك ڕۆژی جیهانی کچان دەستنیشان کردووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە پیناو ئەوەدایە تێڕوانین و دید و بۆچوونی کۆمەڵگە بەشێوەکی گشتی ڕابکێشیت بۆ خزمەتی کچان و بە گرنگ زانینی بەهاکانیان و زیاتر خزمەتکردنی کچان لەو بوارانەی کە تییدا ئارەزوو دەکەن. وتیشی: «ئەرکی هەریەك لە حکومەت و ڕێکخراوەکان ئەوەیە نەك هەر لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا بایەخ بە کچان بدەن، بەڵکو پێویستە لەسەریان لە تەواوی سێکتەرو چەمکەکانی ژیان لە هەموو ڕۆژێکی ژیانیان بەتەواوی هاوکاری کچان بکرێت، نەك پابەند

بکرێن بە رۆژێکی دیاریکراو کە ئیتر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وا تێبگەیێنن لەم رۆژەدا هەموو کارێك بۆ کچان کراوە، بەڵکو کچان بۆ فەراهەمکردنی ئازادییان پێویستە لە هەموو روانگە ئینسانییەکانەوە گرنگییان پێ بدرێت، لە رێگەی کردنەوەی خول و سیمینارو پێکهێنانی گرووپ، تا ئاستی رۆشنبیرییان زیاتر بەرز بکرێتەوە، چونکە هەر کچانن لە داهاتودا دەبنە دایك و نیوەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن. ئەوەشمان لە بیر نەچێت کچان بە شێوازێکی گشتی لە رووی یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکانیشەوە تا رادەیەك پەراوێز خراون، ئەمە بۆخۆی گرفتێکی زۆری بۆ کچان دروستکردووە، بەتایبەت لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، یان لەو وڵاتانەی کە سیستەمی سیاسیان دیکتاتۆریە، بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مەجالێکی ئەوتۆیان بۆ ئازادیی کچان نەهێشتووەتەوە، ئەمەش وایکردوە کە بەشوازێکی گشتی بارێکی نالەبارو ناهەموار بۆ کچان برەخسێت. بۆیە پێویستە لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و یاسا و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتەواوی بایەخ بە داواکاری و لایەنە ئەرێنییەکانیان بدات، تا هەست بە لاوازی نەکەن و وەك کەسێکی ئازاد هەڵسوکەوت بکەن.

لەلای خۆیەوە رۆئیا محەمەد بەرپرسی قوتابیان و کارگێڕی رێکخراوی ناوچەی ئایندە دەڵێت: « بێگومان بوونی رۆژێکی تایبەت بە کچان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گرنگیی کچان و کاریگەرییان لە ناو کومەڵگەدا دەردەخات، کچانی ئێمەش دەبێت داوای دەرفەتی یەکسان بکەن تاکو بتوانن بەهرە و تواناکانیان بخەنەڕوو، ئەرکی سەرشانی حکومەتیشە کە دەرفەت بۆ کچان برەخسێنێت لە بوارە جیاجیاکان هەتا لە پلە بەرزەکانی ناو حکومەتیش بەشداربن. هەروەها ئەرکی رێکخراوە مرۆڤپارێزەکانە زیاتر پارێزەری مافە مرۆییەکانی کچان بن، ئەویش لە رێگەی پاراستنی مافەکانیان و پاڵپشتی کردنیان بۆ ئەوەی کچان بێنە مەیدان و توانا و بیرۆکە جوانەکانیان بخەنەڕوو، هەتا چیتر هەست بەوە نەکەن لە کۆمەڵگەیەك دەژین کە تەنیا بۆ مانەوە لەناو چواردیواری ماڵ و بەڕێوەبردنی ئەرکی ئەو چواردیوارە دروستکراوە.»

بەپێی دوایین ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژانە ٤٧ هەزار و ٧٠٠ کچ لە جیهاندا دنیای پڕ لە بەرائەتی خۆیان جێدەهێڵن و واقعێکی سەپێندراو لە کچۆڵەییەکەوە دەیکات بە هاوسەر و دواتر دایك، ٧٠٠ ملیۆن ئافرەت لە جیهاندا پێش تەمەنی ١٨ ساڵی هاوسەرگیرییان کردووە، هاوسەرگیری پێشوەخت لە خێزانە هەژارەکان دوو ئەوەندە و نیوی خێزانە دەوڵەمەندەکانە، لە وڵاتانی نامی رۆژانە ٢٠ هەزار حاڵەتی لە دایکبوونی دایکانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی تۆمار دەکرێت کە ساڵانە دەگاتە ٧ ملیۆن حاڵەت.

یەکێك لە ئامانجەکانی بەیاننامەی هەزارەی نەتەوەیەکگرتووەکان، واتە خیتابی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠٠٠ و دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەم ئەوە بووە، کە تا ساڵی ٢٠١٥ هەوڵبدرێت، لە هیچ وڵاتێکی دنیادا ئەو دیاردەیە نەمێنێت کە کچان و کوڕان قۆناخی خوێندنی سەرەتاییان تەواو نەکردبێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە یەکسانی رەگەزی کە بەردی بناخەی پەرەپێدانە لە خوێندنی کچانەوە دەستپێدەکات .

دوای تیپەڕبوونی ساڵانێك بەسەر بەیاننامەی هەزارە، توانراوە رۆژێك بۆ کچان دەستنیشان بکرێت، بەڵام وەك خاتوو ئایزۆبل کۆلی مان دەڵێت: هەتا ئێستاش لە جیهاندا رۆژانە ٢٥٠ هەزار کچ لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە بەشوو دەدرێن.


لەلایەکی دیکەوە رێکخراوی یونسێفی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا لەبارەی بەشوودانی کچانی ژێر ١٥ ساڵ هۆشداری داوەتەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و داوای کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە دەکات. هاوکات ئاشکرای دەکات کە ساڵانە لە جیهاندا ٢٣ ملیۆن کچی ژێر ١٥ ساڵ بە مێرد دەدرێن. لە بەیاننامەکەی یونسێف (سندووقی منداڵانی نەتەوەیەکگرتووەکان)دا هاتووە: کە لە ئاستی جیهاندا یەك لەسەر سێی ژنانی تەمەن ٢٠ تاکو ٢٤ ساڵانی ئێستا کە دەکاتە ٧٠ ملیۆن کچ، لە تەمەنی ژێر ١٥ ساڵییەوە ناچارکراون هاوسەرگیری بکەن. سەرەڕای پێشنیازی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ وڵاتان لەساڵی ١٩٩٤ بۆ سەرخستنی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ١٨ ساڵ، هێشتا زیاتر لە ٥٠ وڵاتدا هاوسەرگیری منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ یاساییە، کەچی بەهۆی ئەو دیارەدەیە، ساڵانە نزیکەی ٥٠ هەزار ژنی دووگیان لە تەمەنی ١٥ تا ١٩ ساڵی لەئاستی جیهاندا گیانیان لەدەست دەدەن.





**دوریا زکری :**

**ئەرکی کچە کە گرنگی بە بونیادنانی کەسایەتی خۆی بدات و بوێرانە رووبەڕووی کێشە و گرفتەکانی ببێتەوە**



**باران محەمەد :**

**کچان بە شێوازێکی گشتی لە رووی یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکانیشەوە تا رادەیەک پەراوێز خراون، ئەمە بۆخۆی گرفتێکی زۆری بۆ کچان دروستکردووە**

# جیاوازیی ڕەگەزی کاریگەری نەرێنی لەسەر ک

**لــە هەمــوو کۆمەڵگەیەکــی نەریتی و نێرســالاری جیــاوازی ڕەگــەزی بە زەقی هەستی پێدەکرێت و تەنانەت لە کاتی دووگیانی دایکان و هەر لەناو لانکەشــەوە جیاوازی نێوان کوڕ و کچان پەرەدەستێنێ. دەروونناسانیش ئەو جیاکارییە بە هــۆکاری زۆربــەی کێشــە دەروونــی و کۆمەڵایەتییەکان دەزانن و جەختیش لەوە دەکەنەوە کە ئەو جیاکارییانە مەترسی بۆ داهاتووی منداڵ هەیە**

حەسەن عەزیز، قوتابی قۆناغی ماستەرە و وەك خۆی باسیکرد، ماوەی ١٣ساڵە ژیانی هاوسەری پێکێهناوە و دوو کچ و کوڕێکیان هەیە. ئەو جیاوازی رەگەزی بە کارێکی نارەوا لە قەڵەم دەدات و دەڵێت: «من جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ ناکەم، منداڵی یەکەمیشمان کچ بوو، زۆریشم خۆشدوێ، چونکە ئەمە دیاری خودایە، هەر چی بێ، جیاوازی نییە دەبێت سوپاسگوزار بین لەوەی خوای گەورە لە نیعمەتی منداڵ بێبەشی نەکردووین».

حەلیمە سیامەند، ئافرەتی ماڵەوەیە و ئەویش ڕایوایە کوڕ یان کچ جیاوازی نییە، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پیاو بەگشتی وابیرناکەنەوە»، گوتیشی: «من ماوەی ١٨ساڵە شووم کردووە و خاوەنی ٥کچم، هەر یەکەیان وەك گوڵ وان، کەچی پیاوەکەم بەردەوام لە شەڕو ئاژاوەدایە لەگەڵم، پێم دەڵێ تۆ کوڕت نابێ و ئەبێ ژنێکی تر بێنم، ئیتر بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەوە بەدەست خوایە».

فاتیمە حوسین، ئافرەتێکی فەرمانبەرە و ئاشکرایدەکات کە توانای منداڵبوونی نییە و دەڵێت: «هەر بەو هۆیەوە رۆژانە خەسووم سەرکۆنەم دەکات و هەزار قسەی ناشیرینم پێ دەڵێت، بەردەوام دەڵێت: ژنێکی تر بۆ کوڕەکەم دێنم،



تاوەکو منداڵی ببێ، نامەوێ کوڕەکەم وەچاغ کوێر بێ، بەڕاستی ئەو قسانە لە ناخەوە بریندارم دەکات و هەست دەکەم بوونی من هیچ سوودێکی نییە و زۆر جار بیری خراپم بۆدێت و حەز دەکەم کۆتایی بە ژیانی خۆم بێنم، بەڵام ئەوەی کەمێك دڵنەواییم دەکات، هاوسەرەکەمە کە بەردەوام دەڵێت: خوا کەریمە، گوێ بە قەسەکانی دایکم مەدە».

پیاوێکی بەساڵاچوو کە خۆی بە فەتاح ناساند، وەك خۆی باسیکرد تەمەنی لە سەرووی ٧٠ساڵە و لەوەی کە کچی نییە زۆر خەمبار بوو. ئەو بە چاوێ پڕ فرمێسکەوە گوتی: «من باوکی پێنج کوڕم، بەس خۆزگە دەخوازم هەموویان کچ بان، چونکە ئەو سۆزو بەزەیی کچ هەیەتی بۆ دایك وباوك هیچ لە کوڕدا بەدی ناکرێ، کوڕەکانم هەموویان دەوڵەمەندن، کەچی من ئێستا بە غەریبی لە ژوورێکی ماڵی برام نەخۆشم و کەوتووم، تەنانەت سەردانم ناکەن ڕۆژانە ئاخ هەڵدەکێشم، تەنیا کچێکم هەبوایە هەرچۆنێك بوایە وا بێکەسی لە ماڵان نەدەکەوتم».

گۆران خالید، فەرمانبەرە و نایشارێتەوە کە پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکات، زۆر حەزی کردووە منداڵی یەکەمی کوڕ بێت، بەڵام کچیان بووە، دواتریش لە پاشان سێ کوڕی بەدواوە بوو، گوتیشی« مەرج نییە خۆزگە و هیواکانی مرۆڤ هەموو بێتەدی، بەتایبەتی لە بوونی منداڵ، چونکە ئەوە بەدەست خوای گەورەیە» .

ئیسماعیل حوسێن

توێژەری بواری دەروونییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە زاڵبوونی دابونەریت و تێنەگەیشتنی کۆمەڵگە وایکردووە بە زەقی جیاوازی ڕەگەزی هەستی پێ بکرێت. گوتیشی: «لە کۆمەڵگەی ئێمە کوڕ بە هەموو شتێك دەزانن و دەڵێن: گەر کورت نەبێ، وەچاغت کوێرە، لەڕاستیشدا ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە و زۆرجاران دەبینین کوڕ بۆتە سەرچاوەی کێشەو گرفت و مەینەتی بۆ خێزانەکەی، بەڵام کچ بە دەگمەن کێشە بۆ خێزانەکەی دروست دەکات، کچ هیچی لەکوڕ کەمتر نییە، بەڵکو لەزۆر بواردا باشتر و زیرەکترن، هەموو کاتیش بەوەفاو دلسۆزن بۆ دایك و باوکیان، بەڵام بەداخەوە نەریت وایکردووە کۆمەڵگە کوڕ بە هەموو شتێك بزانێت».

هەمزە عەباس مامۆستایەکی ئایینییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان هەموو شتێك لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان محەممەد (د. خ) ئاماژەی پێکراوەو بە ڕوونی باس کراون، خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: هەندێك کوڕی پێ دەبەخشین و هەندێکی تریش کچ، هەندێکتان کوڕ و کچ و هەندێکی تریش نەزۆك دەبن. دیاردەی فەرزکردنی کوڕ لەسەر کچ دابونەریتی بێباوەڕانی پێش ئیسلام بووە، کەوا کچیان بە زیندوویی زیندەبەچاڵ دەکرد، ئەوەی ڕقی لە کچ ببێتەوە و حەزنەکات بیبێ، گوناهبارەو تاوانێکی گەورەیە، چونکە هەرچی خوا بیدات، ئەوە باشە و کوڕ وکچ هیچ جیاوازییان نییە، هەرکامیان نیعمەتێکی گەورەیە بۆ مرۆڤ و پێویستە لەسەرمان سوپاسگوزاری خوای گەورە و مێهرەبان بین».

**پیاوێکی بەساڵاچوو:**

**پێنج کوڕم هەیە کچێک ناهێنن ئەگەر تەنیا کچێکم هەبوایە وا بە بێکەسی لە ماڵان نەدەکەوتم**

**توێژەرێك:**

**کچان لە کوڕان باشتر و زیرەکترن، هەموو کاتیش بەوەفاو دڵسۆزن بۆ دایک و باوکیان، بەڵام نەریت وایکردووە کۆمەڵگە کوڕ بە هەموو شتێک بزانێت**

**مامۆستایەکی ئایینی:**

**دیاردەی فەرزکردنی کوڕ لەسەر کچ دابونەریتی بێباوەڕانی پێش ئیسلامە کەوا کچیان زیندەبەچاڵ دەکرد**

# ـــــەسایەتی و داهاتووی منداڵ هەیە

